# دەنگدەران بەرانبەر مێژوتان بەرپرسیارن!

سەردار عەبدوڵلا

**28-01-2005**

پەرلەمانتاریزم، ئەلگۆیەکی دەستەلاتی بۆرژوازییە بۆ حاکمییەتی ئابووری، سیاسی و ئایدۆلۆژی خۆی بەسەر کۆمەلگەدا، ئەم ئەلگۆیە لە دەستەلات لە باشترین و پێشکەوتووترین حالەتیدا، نەیتوانیوە نوێنەری بەرژەوەندییەکانی ئەو زۆرینە لە خەلک بێت کە هەر چەند سالٚ جارێک بە بەلێن و درۆی شاخدار کێشیان دەکەن بەرەو سندوقەکانی دەنگدان! پەرلەمان و هەر ئۆرگانێکی تری دەستەلاتی دیموکراسی ناتوانێت بەپێچەوانەی پێکهاتەی ژێرخانی کۆمەلٚ جولەبکات و ئالوگۆری جدی و رادیکالٚ لە ژیانی کۆمەلٚ پێکبهێنێت، بەلکو بە پێچەوانەوە هۆیەکی کارساز بووە بەدەست بۆرژوازییەوە بۆ زالکردنی حوکمی کەمینەی خۆی و فەراهەمکردنی بارودۆخی لەبار بۆ بەرهەمهێنان و کەلەکەی سەرمایە. بە کورتی چەمکی پەرلەمان و دیموکراسی گرنگیە کلاسیکی و تێگەیشتنە گریکییەکەی؛ وەک گەرانەوە بۆ راو حوکمی گەل لەدەستداوە و ئێستا پێناسەکردنی بە پیوانە کۆنەکان هەلەیەکی گەورەیە! هەروەها ئەوەی پەیوەندی بە ئالوگۆر و داواکارییەکانی خەلکیەوە بووە؛ هەمیشە لە دەرەوەی بالەخانەی پەرلەمانەکان بەدەستهاتووە و پاشان دەستەلاتداران وەک دیاری دەستی خۆیان و دەستکەوتی خۆیان پێناسیانکردووە.

بایکۆتکردنی سندوقەکانی دەنگدان بەشێوەیەکی بەرچاو لە ئەوروپا و ئەمریکا ، ئەو راستییە دەردەخات کە ئەم مۆدێلە لە دیموکراسی پرۆغەربی نوقمی قەیرانێکی گەورەیە و تاکو بێت لە شکست نزیک دەبێتەوە و بروای خەلکی پێکەمدەبێتەوە.

بەدوای لەق بوونی حوکمی دیکتاتوریش لە عێراق، هێزە بۆرژوازییەکانی عێراق کۆپییەکی تەلخ و شێواوی ئەم ئەلگۆیەیان گرت بەدەستەوە، چونکە پەرلەمان بۆ ئێستای بورژوازییەکی پەرت و بلاوی عێراقی باشترین دیوەخانێک دەبێت کە قسەی خۆیانی تێدابکەن و هەریەک سامان وسەهمی دەستەلاتی خۆی بەرێ، دەکرێت بۆ ئەوەی شەر و بەلاش نەقەومی لە نێو خۆیاندا دیموکراسیانە پێکبێن!

هەلبەت ئەم نموونە کۆپییەکراوە سەقەتەش هەر زوو ناسیونالیزمی کورد لە سالی 1992 گرتی بەدەستییەوە بۆ دەرباز بوون لەو قەیرانە قولەی کە تێی کەوتبوون، پەرلەمانی بەناو کوردستان کە درێژکراوەی بەرەی کوردستانی بوو، شەرمەزارییەکی تری بۆ مێژووی پەرلەمانتاریزم تۆمارکرد و بزووتنەوەکەی خۆیشی سووک و رسواکرد، ئەم پەرلەمانە، تەمەنی نوحی بۆ نوسرا و سەرانی زلی حیزبەکان بە ریمۆت کۆنترۆلی دەستیان، دەستی پەرلەمانتاریستەکانیان وەک بووکە سەماکەرە بەرز و نزم دەکردەوە! بە جۆرێک، هیچ گومانی تێدا نییە کە پەرلەمانتارە بەرێزەکانی ئەم پەرلەمانە بە دەست ئازاری شان و بالیانەوە گیریان خواردبێ! لە راستیدا ئەم پەرلەمانە باشترین نموونەکەی مەجلیسی تەشریعییەکەی بەعس بوو.

ئەوەی ئێستاش بۆ پەرلەمانی عێراق خەلکی بۆکۆدەکرێتەوە چارەنووسێکی لەمە باشتری نابێت و بۆ خەلکی دەبێتە یەکێک لە بەلاکانی تر. ئەو پێناسە ئەمریکیەی بۆ پێکهاتەی کۆمەلایەتیی عێراق لەسەر بنەمای هۆز و قەومەکان کراوە؛ بەبالای پەرلەمانەکەشی دەبرێت، پەرلەمانی عێراق دەبێتە دەزگایەکی تری بەرهەمهێنانی قەومگەرایی و تەشەنەکردنی راسیزم و مەزهەبگەرایی.

ئەو پەرلەمانەی ئەمرۆ بەرێوەیە، دەرئەنجام وکارکردەکانی سیناریۆی رەشی عێراقە نەک گەرانەوە بۆ رای خەلکی و گەشتنە قەناعەتی هێزە سیاسیە بۆرژوازییەکانی عێراق بە دامەزراندنی حوکمێکی سوکلار و مۆدێرن لە عێراقدا. ئەمریکاش، کە مامۆستای داهێنەری ئەم پەرلەمانەیە، بەدوای ئەوەوەیە کە هەرچی زووترە پەرلەمان پێکبهێنرێت و ئیمزای مانەوەی هێزەکانی لە عێراقدا بۆ بکات، چونکە لە ئاستی جیهانیدا بەداگیرکەری عێراق دراوەتەقەلەم و تووشی کێشە و نارەزایەتی گەورە هاتووە بەم هۆیەوە!

ناسیۆنالیزمی کورد، کە هەمیشە سەرچاوەی هێزی خۆی لە ستەمی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان وەرگرتووە، بە دامەزراندنی ئەم پەرلەمانە فرە ئەتنیکی و فرە مەزهەبییە بە نیازە بۆ دەورەیەکی تر درێژە بە حاکمیەتی خۆی لایەنی کەم لە کوردستان بدات، چونکە ملدانی ئەوان بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کوردستان حاکمییەتیان دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، بە و هۆیەی کە ناسیونالیزمی کورد پیناسی خۆی لە بەرامبەر رەقیبەکەی کە ناسیونالیزمی عەرەبیە؛ بەدەستهێناوە، بە دەرچونی ئەم رەقیبە لە مەیدانی ململانێدا مانەوەی خۆیشی مانایەکی نامێنێ. یەکێتی و پارتی خەڵکی کوردستان بۆ مەیدانی شەڕێک کێشدەکەن کە زەمانەتی مانەوی سیاسی خۆیانی بۆ دەورەیەکی تر پێمسۆگەر دەکەن.

لە پروپاگەندەی هەڵبژاردنەکانیاندا، یەکێتی و پارتی ترس و وەحشەتی ناسیونالیزمی عەرەبی پێشانی خەڵکی دەدەن و داوادەکەن کە هەموو کوردێک دەبێت دەنگ بدات؛ دەنا خویان بەرەو رووی چارەنووسێکی خەتارناک دەکەنەوە! هەڵبەت دیارە ئەوانەی کە ترسن لەسەر چارەنووسی خەڵکی کوردستان هەمان ئەو هێزە کۆنەپەرست و شۆڤێنستە غەیرە کوردانەن! کە ئەمان بەنیازن لەیەک پەرلەماندا پێکەوە دابنیشن و حکومەتیان لەگەڵدا بکەن! بەڵێن بوو خەڵکی پەرلەمانێکیان هەبێ ئارامی دابین بکات، نەک پەرلەمان سەکۆیەک بێت ئەم هێزانە شەڕەشەقی لەسەر بکەن!

هەڵبەت، گەر ئەم ترساندن و زەندەقبردنەی خەڵکی کوردستان بە شۆڤێنیزمی عەرەبی بۆیان بچێتە سەر؛ ئەوا بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووش یەکێتی و پارتی بۆ دەنگ کۆکۆدنەوە هەمان سیاسەت دووبارەدەکەنەوە، چونکە ئەوان بە نیازن خەڵکی کوردستان بە دەستبەستراوی بەرنە پاڵ ئاگری شەڕێکەوە، هەر کاتێک ناسیۆنالیزمی کوێخای کوردی دەنگی پێنەدرێت؛ هەڕەشەو ترسی تێبەردانی ئاگری ئەم شەڕەیان لێبکەنەوە!

ئەوپەرلەمان و حکومەتە کارتۆنییەی کە پێش وەخت براوەتەوە، هیچ ئایندەیەکی گەشی بۆ خەڵکی تێدانیە، ئەم پەرلەمانە کە ناسیۆنالیزمی کورد هەموو کوردزمانێکی پێقەرزداربارکردووە جگە لە بەدەستهێنان و پچڕینی سەهمێکی زیاتر بۆ مل ئەستوورەکانی بزوونەوەی کوردایەتی شتێکی تر نیە!

ئەوەی دەنگ نەدات کورد نیە، ئەوەی دەنگ نەدات خۆ فرۆشە، دەنگدان واجبێکی ئایینییە.. دەنگدان کوردایەتیە! ئەمانەو چەندین پروپاگەندەی دواکەوتووی تری ئەو پەرلەمانەیە کە بڕیارە کوردستانت بۆ بکاتە جەنتول مەئوا! لە پروپاگەندەکاندا، دەنگ نەدەر هیچ مافیکی بۆ نەماوەتەوە و تەنانەت حورمتی ئینسانیشی پێشێل دەکرێت، هەروەک ئەوانەی کە دەهۆل لێدەری ئەمریکایان قبوڵنەکرد لە کوشتار و کاولکاری عێراق لای ئەمانە بە کافر و پیاوی بەعس دەدرانە قەڵەم.
دەنگدانت چارەنووستە! ئەمەش تەبلیغێکی ترە بۆ چاوبەستنی خەڵکی و دەستگرتنیان بەرەو سندوقەکانی دەنگدان، لە راستیدا ئەم قسەیەیان راستە، دەنگدانت چارەنووستە؛ بەڵام چارەنووسێکی رەش و هەڵواسراو. بایکۆتکردنی دەنگدان و سندوقەکانی دەنگدان، چ بۆ خەڵکی عێراق و چ بۆ خەڵکی کوردستان؛ ئەو وەڵامە شۆرشگێرانەیە بە ئەمریکا و دۆستەکانیان کە لەسەر و بەرژەوەندیەکانی خەڵکیەوە بڕیارنەدەن، خەڵکی کوردستان نابێت بەشداری دووستکردنی مێژوویەکی ڕەش بکەن بۆ خویان و نەوەکانی داهاتوویان، هەرچۆن ئەم دەنگدانە ئەرکێکی مێژووییە، دەبێت هوشیار بن و لەبەرانبەر مێژو و نەوەکانی داهاتوودا لێپرسراوانە هەڵوێستکرن!

خەڵکی کوردستان دەبێت، ریزی سەربەخۆی خۆیان لە یەکێتی و پارتی جیابکەنەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی غەیرە قەومی تێبکۆشن، هەوڵبدەن ئەو وێنە شێواوەی کە ناسیونالیزمی کورد بە باڵای خەڵکی کوردیدا بڕی لە جیهاندا کە "خەڵکی کوردستان کەواسووری بەر لەشکری ئەمریکان"؛ بسڕنەوە، و بیسەلمێنن کە ئەوان مرۆڤدوست و خاوەن کێشەکی سیاسی ئینسانیین، بەمە خەڵکی کوردستان هەموو مرۆڤدۆستان و ئازادیخوازانی جیهان دەکاتەوە دۆستی خۆی!